LLR Care Record

# لێستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاند کەیر ڕیکۆرد



بەیەکەوە کاردەکەین بۆ باشترکردنی چاودێریکردنتان

Leicester City Council

Leicestershire County Council

Rutland County Council

NHS

## تۆماری چاودێری لیستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاند چییە؟

تۆماری چاودێری لێستەر، لێستەرشایر و ڕوتلاند سیستەمێکی کۆمپیوتەریی پارێزراوە کە زانیاری گرنگ لەسەر ئەو کەسانە کۆدەکاتەوە کە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشکراوی پزیشکی گشتییان بەکارهێناوە، لە نەخۆشخانەیەکی ناوخۆیی، چاودێری تەندروستی کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان یان تیمەکانی تەندروستی دەروونی. ستافی کلینیکی و چاوەدێری دەتوانێت زانیاری تەندروستی و چاوەدێری لە کاتی ڕاستەقینەدا لە سەرانسەری دابینکەرانی چاوەدێری و لە نێوان سیستەمی جیاوازدا ببینن.

هەموو تۆمارەکان بە تەواوەتی نهێنین و تەنیا لەلایەن ستافی کلینیکی و چاوەدێرییەوە دەتوانرێت دەستیان پێ بگات کە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە چاودێریکردنی تاکێکدا. تۆماری چاودێری لێستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاند هەندێک زانیاری لەبارەی تاکێکەوە هەڵدەگرێت، بۆ نموونە:

- ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن
- چاوپێکەوتنەکان
- دەرمان - بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی چاودێریتان دەکەن بزانن چ دەرمانێکتان بۆ نووسراوە
- حەساسیەت - بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە هیچ دەرمانێکت بۆ نەنووسراوە یان پێنادرێت کە ڕەنگە کاردانەوەی نەرێنیتان هەبێت بۆی
- ئەنجامی پشکنینەکان - بۆ خێراکردنی چارەسەرکردن و چاودێریکردن
- ڕەوانەکردن، نامەی کلینیکی و زانیارییەکانی دەرچوون - بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی ئەو کەسانەی چاودێری تۆ دەکەن هەموو ئەو زانیاریانەیان هەیە کە پێویستیانە سەبارەت بە چاودێری و چارەسەری تر کە لە شوێنێکی تر وەریدەگریت.

## کێ دەتوانێت تۆماری چاودێری لێستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاندم ببینێت؟

تەنها ستافی کلینیکی و چاوەدێری کە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە چاودێریکردنتدا تۆماری چاودێری لێستەر، لێستەرشایر و ڕوتلاندت دەبینن. ئێمە لەگەڵ هەر کەسێکدا هاوبەشی پێناکەین کە چارەسەر و چاودێری و پشتگیری ئێوە پێشکەش نەکات. وردەکارییەکانتان ئاشکرا ناکرێن، یان ناگوازرێنەوە بۆ هەر کەسێک کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چاودێری تۆوە نەبێت.

## چۆن بزانم تۆماری چاودێری لیستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاندم پارێزراوە؟

معلومات شما به صورت محافظت شده و محرم از تمامی سیستم های درمانی و مراقبتی در سطح زانیارییەکانتان بە شێوەیەکی پارێزراو لە سیستەمی کلینیکی و چاودێری لە سەرانسەری ناوچەکەدا کۆدەکرێنەوە و لە تۆماری چاودێری لێستەر، لێستەرشایر و ڕوتلانددا نمایش دەکرێن بۆ بەکارهێنان لە کاتی چاودێری ڕاستەوخۆدا و بە نهێنی دەمێننەوە.

تۆماری چاودێری لێستەر، لێستەرشایر و ڕوتلاند دەستراگەیشتن بە نوێترین زانیاری دەربارەی تۆ، ستافی کلینیکی و چاوەدێری کە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە چاوەدێری تۆدا دابین دەکات.

ئەمە دەکات بە هاوبەشکردنی زانیاری گونجاو لە تۆمارەکانی تەندروستی و چاوەدێری تۆ لە نێوان خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە لێستەر، لێستەرشایر و ڕوتلاند.



لەو شوێنانەی کە تۆماری چاودێری لێستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاند بەکاردەهێنرێت

پزیشکی گشتی / خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی کۆمەڵایەتی / نەخۆشخانەکانی NHS / خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی / خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی / هۆسپیس

سوودەکانی تۆماری چاودێری لیستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاند چین؟

- زانیاریەکانتان لە یەک شوێن
- پێویست ناکات وردەکارییەکان بۆ ستافی کلینیکی و چاودێری جیاواز دووبارە بکەیتەوە
- چاودێری یەکگرتوو و سەلامەتتر
- کاتێکی زیاتر بۆ بەسەربردنی بۆ چاودێریکردنت
- پەڕاوی کەمتر

# سیناریۆی

کەواتە، چۆن کار دەکات؟



ناتوانرێت پەیوەندی بە دایک
و باوکییەوە بکرێت؛ جەیمی بە
ئەمبولانس دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە



جەیمی لە گەشتێکی قوتابخانەدایە
بۆ ئاوی ڕوتلاند و کاردانەوەی
حەساسیەتی هەیە

ستافی چاودێری نەخۆشخانە دەتوانن بچنە ناو تۆماری چاودێری لێستەر، لێستەرشایر و ڕوتلاند بۆ
بینینی دەرمان و مێژووی حەساسیەتی جەیمی

**LLR Care Record**

پوختەی ڕووداو و
فریاگوزاری: لەلایەن ستافی چاودێری
نەخۆشخانەوە دابین دەکرێت



دەرمان و لیستی حەساسیەت:
لەلایەن پزیشکی گشتی جەیمسەوە
دابینکراوە



## سودەکان

تۆماری چاودێری لێستەر، لێستەرشایر و ڕوتلاند ڕێگە بە ستافی کلینیکی و چاودێری دەدات کە چاودێری فریاگوزاری پێشکەش بکەن بۆ چارەسەرکردنی دەستبەجێ و سەلامەتی جەیمی

# سیناریۆی

کەواتە، چۆن کار دەکات؟



لە مانەوەی پێشووی لە نەخۆشخانە، دواکەوت لە ڕۆشتنی چونکە تیمی چاودێری لە نەخۆشخانە بۆ ماوەیەکی کەم دڵنیا نەبوون لەوەی کە چ پشتگیرییەک لە ماڵەوە بەردەستە



هارپریت لە نەخۆشخانەی شاهانەی لیستەر بووە و لە کەوتنەخوارەوە چاک بووەتەوە

ئێستا بە یارمەتی تۆماری چاودێری لێستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاند، یەکەی دەرچوون دەتوانێت دڵنیا بێت کە پاکێجی چاودێری کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ هارپریت لە ماڵەکەی لە لیستەر لە شوێنی خۆیدایە

**LLR Care Record**

پشتگیری کۆمەڵایەتی: لەلایەن پەرستاری کۆمەڵایەتییەوە دابین دەکرێت



پاکێجی چاودێری کۆمەڵایەتی: لەلایەن تیمی چاودێری کۆمەڵایەتییەوە دابین دەکرێت



نامەی دەرچوون لە نەخۆشخانە لەلایەن ستافی دەرچوون لە نەخۆشخانە دابین دەکرێت



## سودەکان

هاوبەشکردنی زانیارییەکانی هارپریت ڕێگە بە تیمەکانی چاودێری نەخۆشخانە، کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتی دەدات زیاتر ئاگاداربن، ئەمەش ڕێگەیان پێدەدات چاودێری باشتر و سەلامەتتر پێشکەش بکەن.

## ئایا دەتوانم نارەزایەتی دەرببڕم بەرامبەر بە هاوبەشکردنی تۆماری چاودێری لیستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاندم؟

بەڵێ. تۆ مافی ئەوەت هەیە نارەزایەتی دەرببڕیت بەرامبەر بە هاوبەشکردنی تۆماری چاودێری لیستەر و لێستەرشایر و ڕوتلاند. بەڵام ئەگەر کارمەندان پێویستیان بە دەستراگەیشتن بەو زانیاریانە هەبێت کە لە تۆماری چاودێری لێستەر، لێستەرشایر و ڕوتلاندا هاوبەشکراون بۆ پێشکەشکردنی چاودێری تاکەکەسی سەلامەت، بە شێوەیەکی یاسایی ڕێگەیان پێدەدرێت دەستیان پێ بگات



## هیچ پرسیارێکتان هەیە؟

ئەگەر هەر پرسیارێکتان هەیە سەبارەت بە تۆماری چاودێری لێستەر، لێستەرشایر و ڕوتلاند، تکایە پەیوەندی بە هەر پزیشکێکی تەندروستی یان چاودێری بکەن کە دەتوانێت پرسیارەکەت ئاراستەی بەشی حوکمڕانی زانیارییەکانی ڕێکخراوەکەیان بکات

## زانیاری زیاتر

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ماڵپەری لێستەر سیتی سی سی جی بکەن
www.leicesterleicestershireandrutland.icb.nhs.uk/your-care-record/

تکایە ئیمەیڵ بنێرن بۆ LLR، بۆ پەیوەندیکردن بە تیمی پرۆگرامی تۆماری چاودێری

leicspart.llrcarerecord@nhs.net